www.kurdistannet.org
25-8-2006 13:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی رواندز ... بەختیار سەباح

baxtear@zarikrmanji. com

جاری وا هەیە لەم وڵاتە، شتی وا سەیرو سەمەر دەبینیت و گوی بیست دەبی، پێکەنین دەتگرێت. یاخود هەموو شتێك پێچەوانەی ئەوی ترە، بە هەر حاڵ ماوەیەك بەر لە ئێستا لەناو بازاڕی رواندز لەگەڵ چەند برادەرێك وەستابووم، لە هیکڕا دەنگێك لە بڵندگۆی مزگەوتی (تەکیە) بەرزبووەوە، منیش گوێم بۆ شل کرد، بۆ ئەوەی بزانم ناوی بریکارەکەی من لەو لیستە دایە، تا زووە بچم بەشە نەوتەکەی خۆم وەربگرم. چونکە قەدەر وایکردووە لەم وڵاتە لە گەرمترین مانگی هاوین بیر لە نەوت بکەینەوە، بەڵام داخم ئەوە نەبوو کە من بیرم لێدەکردەوە. بەڵکو لەپڕێکا وتی: (ئاگاداری.. ئاگاداری.. ناوەندی لاوانی رواندز کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ بەڕێز د. فەرهاد پیربال ساز دەکات) . منیش لام سەیر بوو، کە قەت شتی وام نەبیستووە، لە بڵندگۆی مزگەوتێك بانگەواز بۆ کۆڕێکی رۆشنبیری بکرێ، من هەروا تێگەیشتووم ئەبی کەسانێکی رۆشنبیرو نوخبە بانگێشتی ئەم چالاکیانە بکرێن. پی دەچوو کۆڕەکە کراوە بێت، بۆ (گەنج، پیر، شێت، کەڕو لاڵ)، ئەمجارەیان لام ئاسای بوو، خۆم بەهانەیەکم بۆ هێنانەوەو وتم لەوانەیە لەبەر زۆری کارەکانیان دەرفەتی دابەشکردنی دەعوەتنامەیان نەبووبی.

ئیدی لەوە خۆشتر هەر لەناو ئەو بازاڕەی کە دەتوانی بە دەقیقەیەك، هەموو دوکانەکان بگری و مەرحەبایەکیش لە گشتیان بکەیت. لەهەمان بڵندگۆی مزگەتی جاران، دەنگێکی تر بەرزبووەوە، منیش لەبەر خۆوە وتم ئەبی کەسایەتێکی شار کۆچی دوایی کردبێت، دیسان بوَچوونەکەم راست دەرنەچوو، ئەمجارەیان وتی: (ناوەندەکەمان بە هاوکاری دەزگای زاری کرمانجی بانگێشتی بەشی سینەماو شانۆی وەزارەتی رۆشنبیری کردووە بۆ نمایش کردنی کورتە فلمێك) . بەڕاستی بۆمن جێی پرسیارو قسە لەسەرکردنە، ناهەقی پیرەژنێکیش ناگرم لەو دەمەدا ئێقەی بریکارەکەی خۆی گرتباو، داوای بەشە غازەکەی کردبا. چونکە ئەویش دەزانی، بڵندگۆی مزگەوتەکان تەنها شوێنی بانگدان و قورئان خوێندنن، هەندی جاریش بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە وەرگرتنی نەوت و غاز، بەڵام پی دەچی من ئاگام لی نەبێت، کۆمەڵگاکەمان بەرەو گۆڕان و پێشکەتن دەڕوات. مزگەوتەکانیش بانگەشەی رۆشنبیری دەکەن و نەك هەندی بیکەن بە شوێنێك بۆ پەروەردەیی حزبی.

جا مەبەستم لەم نووسینە ئەوە نییە، برادەران ساردبکەمەوە لەسەر کارەکانیان، دەکری دەست خۆشانەیان لی بکەین و هاوکاریشیان بکەین، دیارە توانیویانە لەم ماوەیەدا فەراغی سەنتەرێکی رۆشنبیری پڕبکەنەوە.